نەتەوەیەکگرتووەکان: ئەو هاوکارییەی کە ئیسرائیل ڕێگەی دا بچێتە ناو غەززاوە زۆر کەمە



ئەنتۆنیۆ گوتێرێس، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، ئەو هاوکارییەی کە ئیسرائیل ڕێگەی دا بچێتە ناو غەززاوە، زۆر کەمە و کەرتەکە پێویستە بە زۆر زیاترە، دەشڵێت، "هێرشی سەربازی ئیسرائیل لە هەڕەشەدایە، کە هاوکاتە لەگەڵ ئاستی ترسناکی مردن و لەناوچون".

ئەنتۆنیۆ گوتێرێس، ئەمڕۆ هەینی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، ئەو هاوکارییەی کە چوتە ناو غەززاوە، زۆر کەمە و کەرتەکە پێویستی بە زۆر زیاترە. هەروەها بەبێ دەستگەیشتن بە هاوکاری خێرا، متمانەپێکراو، سەلامەت و بەردەوام، خەڵکی زیاتر دەمرن و دەرئەنجامە درۆژخایەنەکانی بە هەمو دانیشتوانەکەی ترسناک دەبن.

ئاماژەی بۆشکرد، فەلەستینییەکان لە غەززە بەدەست توندترین قەناغی جەنگەوە دەناڵێنن و ماوەی نزیکەی 80 ڕۆژە ئیسرائیل ڕێگری لە هاتنە ناوەوەی هاوکارییە نەودەوڵەتییەکان دەگرێت.

سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان باسی لەوشکرد تەواوی دانیشتوانی غەززە هوبەوی مەترسی برسێتی بونەتەوە. هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ هەکشان دەچێت کە هاوکاتە لەگەڵ ئاستی ترسناکی مردن و لەناوچون.

سوپای ئیسرائیل هایگیاند، هەژی پەنجشەمە 107 بارهەگر کە ئارد و پەداویستییەکانی دیکەی خەراک و هەروەها کەرەستەی پزیشکییان هەگرتبو، لە هەگەی دەروازەی کەرەم شالومەو چونەتە ناو کەرتی غەزە.